# دوودڵییەکانی هەرزەکارێك دەرهەق بە مارکسیزم[١]

جۆرج تەرابیشی
و. ناجی ئەفراسیاو

لە ساڵانی حەماسەتی سۆزدارییدا بووین، کاتێك چووینە نێو کایەی سیاسیی شانزە و هەڤدە و هەژدە ساڵ دەبووین، بەشداریمان لە یەکەم خۆپیشاندانی سیاسیی (خوێندکاران)دا کرد. دەمانزانی کامە ڕێگای خیانەتە، بەڵام نەماندەزانی کامەیە ڕێگای ئاشتیی نیشتیمانی. دەمانزانی حکومڕانیی باڵادەست هیچ پەیوەندییەکی بە گەلەوە نییە، بەڵام نەماندەزانی بیگۆڕین بە چ حکومەتێك.

ئەو کاتە سوریا لە حوکمی دیکتاتۆریی دەرچووبوو، دیاردەی دیموکراسی و ململانێی نێوان حیزبەکان زۆر توند بوو. نازانم چۆن بووین بە سۆسیالیست، ئەوەی دەیزانم کتوپڕ خۆمان بە باوەڕداری سۆسیالیزم بینیەوە، یان بە مانایەکی تر **ڕقمان لە دابەشبوونی کۆمەڵگا بوو بۆ دوو چین: دەوڵەمەند و هەژار.** ئایا کتێبی سۆسیالیستیمان دەخوێندەوە، ئایا نوسینی سۆسیالیستەکانمان دەخوێندەوە؟ بڕواناکەم شتێکی لەو چەشنە ڕوویدابێت، جگە لە هەندێك وتاری ڕۆژنامەوانی. **بەڵام خۆشەویستیی دادپەروەریی هەمیشە لە قووڵایی هەرزەکاردا ڕەگی داکوتیوە.**

تەنها ئەم هەستی دادپەروەرییە پاڵنەری ئێمە بوو کە ببین بە سۆسیالیست. بەکورتی یاخی بووین نەك شۆڕشگێڕ. هیچ دوودڵ نەبووین لەوەی ڕێگای سۆسیالیزم هەڵبژێرین. دەبوایە یان پەیوندیی بە حیزبی کۆمۆنیستەوە بکەین یان حیزبی(بەعسی عەرەبیی سۆسیالیستی)، تەنها حیزبێکی سۆسیالیستی کە شانبەشانی حیزبی کۆمۆنیستی هەبوو.

---

[١]) ئەمە ناونیشانی کتێبێکی نوسەر و وەرگێڕی مارکسی (جۆرج تەرابیشی)یە، کە بەڕەگەز عەرەبی سوریایە. ئەم نووسینەی سەرەوە تەواوی پێشەکی کتێبەکەیە کە ناوبراو خۆی نوسیویەتی... (وەرگێڕ).

دەڵێم زۆر دوودڵ نەبووین، چونکە خێرا حیزبی دووەممان هەڵبژارد. پێویستمان بە حیزبێك بوو درووشمی شۆڕش بەرزبکاتەوە، حیزبێك کە بزانێت چۆن یاخیبوونمان لە باوەش دەگرێت و دەیگوازێتەوە بۆ شۆڕش. بەهەرحاڵ شۆڕش یەکێك نەبوو لە دروشمەکانی حیزبی کۆمۆنیستی سوری. ئەوپەڕی داواکارییەکانی دیموکراسی و ئاشتەوایی جیهانی و دۆستایەتیی نێوان گەلان بەتایبەتی یەکێتیی سۆڤیەت بوو. هیچ کام لەم درووشمانە تینوێتیی ئێمەی نەدەشکاند. چەند درووشمێکی دووربوون لە کەشی شۆڕش کە ئێمە پێویستمان پێی بوو، هەروەها دەتوانێت یاخیبوونی ئێمە بەسەر چینی بۆرژوازییدا لە باوەش بگرێت. هەموو زانیارییەکانمان لەسەر ئەو حیزبە ئەوە بوو کە بەموتڵەقی توندوتیژە، بۆیە یاخیبوونی نمونەیی ئێمە پرەنسیپی توندوتیژیی قبوڵ نەدەکرد.
ڕێگای سۆسیالیزمی نەتەوەییمان گرتەبەر. کاتێکیش پرسیاریان دەربارەی سۆسیالیستەکەمان دەکرد، لە وەڵامدا دەمانوت سۆسیالیزمی ناسیۆنالیستی، سۆسیالیزمی عەرەبی نەك جیهانی. کاتێکیش داوایان لێدەکردین جیاوازی بکەین لەنێوان سۆسیالیزمەکەی ئێمە و سۆسیالیزمی کۆمۆنیستەکان، لە وەڵامدا دەمانوت: سۆسیالیزمەکەی ئێمە باوەڕی بە (ڕۆح) هەیە وەکچۆن باوەڕی بە (مادە)ش هەیە، وەها لە ڕۆحیانەت تێگەیشتبووین کە بریتییە لەو بەها ئایدیالانەی کە هەرزەکاری ئاواتی پێدەخوازێت و، سۆسیالیزمەکەمان بۆ هەموو گەلە نەك تەنها کرێکاران، واماندەزانی چینایەتی لێکدژە لەگەڵ نەتەوە و یەکێتی عەرەبییدا و، سۆسیالیزمەکەمان بڕوای بە خاوەندارێتیی بچوك و مافی میراتی هەیە، چونکە بڕوامان وابوو کە خاوەندارێتی سرووشتی مرۆڤە. کەواتە چۆن بەتەواوی نکۆڵی لە خاوەندارێتی بکەین؟ ئایا ئەمە خراپ تێگەیشتن نییە لە سرووشتی مرۆڤ؟
بەڵام لە هەمان کاتدا هەستماندەکرد کە زەوی لە ژێرپێماندا جێگیر نییە. هەستماندەکرد کە ئێمە بەبێ تیۆرین. تەنها تیۆرێکی سۆسیالیزمی مومکینیش لەو کاتەدا ترسی لەلا درووستکردبووین: مارکسیزم. کاتێکیش دەستمانکرد بە خوێندنەوەی، بۆ ئەوە نەماندەخوێندەوە کە بهفیعلی ببین بە سۆسیالیست، بەڵکو بۆ ئەوەی بتوانین لە ڕووی مارکسیزمی سامناکدا بوەستینەوە. هەموو ڕایەکمان تەبەنی دەکرد کە پێمان وابووایە دەتوانێت بەڕوویدا بوەستێتەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا دەمانویست وەك چەپ بمێنینەوە،

بەڵام چەپێك كە بەتاڵ بێت لە هەموو مۆركێكی ماركسیزم. كتێبێك نەما كە ڕەخنەی ماركسیزم بكات و ئێمە نەیخوێنینەوە (بە ئەندازەی ئەو كتێبە عەرەبییە عەقیدەییان بەردەستبوون). بەڵام لە هەمان كاتدا هیچ كتێبێكی ماركسیمان نەدەخوێندەوە. لە ڕێگای ئەو نوسینانەوە لە ماركسیزم تێدەگەیشتین كە دەربارەی دەنوسرا، نەك لە ڕێگای خۆیەوە. بڕوامان وابوو كە ئابوری فاكتەری بنەڕەتییە لە مێژوودا، بەڵام ڕەخنەمان لە ماركسیستەكان دەگرت و دەمانوت: كوا ڕۆڵی ئەدەب و هونەر و ڕۆح؟ چۆن بایەخ بە لایەنی ئابوری دەدەن و، لایەنی كۆمەڵایەتی و كەلتوری و سیاسی فەرامۆشدەكەن؟
قیزكردنەوە و بێزارییەكی زۆر لە ڕاست[٢] و، ترسێكی شاراوە لە چەپی ماركسی: لەسەر هێڵێكی باریك وەستابووین، لەسەر ئەو خاڵەی كە خەتی سپیی لە خەتی ڕەش جیادەكردەوە. بەڵام خاڵێكی جوڵاو بوو. هەمیشە بەرەو لای چەپ دەجوڵا.
ئێمە لە هەژدە ساڵیدا بووین كەچی سڵمان لەوە نەدەكردەوە ماركسیزم بە میتافیزیك تۆمەتباربكەین: ئایا دواجار (دیالەكتیك) میتافیزیك نییە؟ سەیربوو كە -بەبێ ئەوەی بەخۆمان بزانین ئێمەی میتافیزیكی- ماركسیزم بە میتافیزیك تۆمەتباربكەین. چونكە لەڕاستیدا قیزمان لە هەموو شتێكی میتافیزیكی دەبووەوە، لەبەرئەوەی پێمانوابوو كە میتافیزیك و غەیب و وەهم لەلای ڕاستە. وەكو وتم سوور بووین لەسەر ئەوەی وەك چەپ بمێنینەوە. ئەم ئایدیایەش بۆ ماوەیەكی زۆر دڵنیایی پێبەخشیین. ئێمە چەپین لەبەرئەوەی میتافیزیكی نین، بەڵكو ئێمە زۆر لە ماركسییەكان چەپترین، لەبەرئەوەی نەیانتوانیوە خۆیان لە میتافیزیك بپارێزن لەكاتێكدا بانگەشەی ئەوە دەكەن كە دژایەتی دەكەن.
بەڵام هەموو بیانووەكانمان كاڵدەبوونەوە. هەرچەندە ئاستی ڕۆشنبیرییمان قووڵ بوایەتەوە، بیانووەكانمان هەڵدەوەرین. چونكە گەیشتین بەوەی كە ماركسیزمی حەقیقی ئەوە نییە ئێمە تەسەوری دەكەین. بەم شێوەیەش ناچاربووین هەمیشە داهێنانی نوێ لە ڕەخنەكردنی جدیدا بكەین، كە بتوانێت لە ڕووی ماركسیزمی تازە كەشفبوودا بوەستێتەوە.

---

[٢]) ڕاست؛ بەمانی ڕاستی و حەقیقەت نا، بەڵكو تەعبیر لە میتۆدی ڕاستڕەوە كۆنەپەرست و كۆنزەرڤاتیڤەكان دەكات. لە بەرامبەردا ئایدۆلۆژیای (چەپ) هەیە كە لە ڕێگەی ڕادیكالیستە شۆڕشگێڕەكانەوە هەوڵی گۆڕینی واقیع دەدات بەمەبەستی گواستنەوە بەرەوە كۆمۆنیزم. (وەرگێڕ).

بەڵام لە ماوەی ئەم هەموو ململانێیەدا هێشتا سووربووین لەسەر ئەوەی چەپ بین. ئەم جەختکردنەوەش هەمیشە پاڵیدەناین کە هۆشیاری و ڕۆشنبیری سۆسیالیستیانەمان بەرزبکەینەوە. بەڵام نەماندەتوانی لەو گرێکوێرەیە دەربازمان ببێت کە لەبەرامبەر مارکسیزمدا هەمانبوو: هێشتا لێی دەترساین. ئەگەر مارکسمان بخوێندایەتەوە لە نهێنیی ئەو ترسە تێدەگەیشتین: چونکە لەڕاستیدا ئێمە هێشتا لە چوارچێوەی (دۆکترینی فەرمیی)[٣] چینی بۆرژوازییدا دەژیاین و بیرماندەکردەوە، سەرەڕای هەموو بانگەشەکانمان بۆ چەپگەرایی. ئەگەر لەوە تێبگەیشتینایە کە (دۆکترینی فەرمی) بریتییە لە (سەرخانی یاسایی و سیاسی) کە تەعبیر لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان لە قۆناغێکی دیاریکراودا دەکات، هەروەها ئەگەر تێبگەیشتینایە کە هێزە بەرهەمهێنەرەکان لەو کاتەدا چووبوونە نێو ململانێ لەگەڵ پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و چینی خاوەن کەرەستەکانی بەرهەمهێناندا، ئەوا نهێنی ئەو پەرتەوازەییەمان بۆ دەردەکەوت. **چونکە ململانێی نێوان هێزەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و فیودالی دەبێتە هۆی پەرتبوونی دۆکترینی فەرمیی بۆرژوازی و، لەلای وردە بۆرژواکانیش -وەکو ئێمە- هەستی پەرتەوازەیی درووستدەکات: ئێمە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییمان ڕەتدەکردەوە، بەڵام نەماندەتوانی ڕەهەندی دۆکترینی چینی بەرهەمهێنەر تەبەنی بکەین. نەماندەویست لە تەنیشتی سەرمایەداری و دەرەبەگایەتییەوە بوەستین، بەڵام لە هەمان کاتدا لە چینی پرۆلیتاریا نەبووین. هەربۆیە دەبوو بۆ ماوەیەکی درێژ لە چوارچێوەی (دۆکترینی فەرمی) و (ئایدیا باوەکانی) بۆرژوازی بخولێینەوە، پێش ئەوەی بتوانین ڕێگای خۆمان بەڕوونی و متمانەوە بگرینەبەر بەرەو دۆکترینی چینی پرۆلیتاریا.**

لەم گێژاوەدا -کە هەمیشە بەرەو دۆکترینی چینی ڕەنجبەر و زەحمەتکێش دەڕۆیشتین- دەستمانکرد بە خواردنەوەی هەندێك پرەنسیپی مارکسیزم. ئەوەش لە سەرەتادا بەشێوەیەکی نەرێنی و سەلبی بوو. مەبەستم ئەوەیە مارکسیزممان لە ڕەخنە ڕوخێنەرەکانیەوە بۆ فیکری بۆرژوازی وەرگرت. وامان لێهات دەمانوت ڕەنگە مارکسیزم بۆ مەبەستی ڕووخاندن سودمان پێ بگەیەنێت نەك بنیاتنان، ڕووخاندنی تیۆرە ڕاسترەوەکان.

[٣]) دۆکترین: العقیدة (بیروباوەڕ).

بەڵام تەسەورمان دەکرد بونیادنانی چەپگەرایی بەرپرسیارێتیەکەی دەکەوێتە سەر شانی ئێمە، بەڵام لە واقیعدا هیچمان بنیاتنەنا.
لە سایەی ئەم کەشوهەوادا، ئەم ترس و سڵکردنەوە لە مارکسیزم، سارتەرمان دۆزییەوە. لە ئەودا فیکری ڕەخنەگرمان بینیەوە کە زەربە و زلەی درووستی دەنا بە مارکسیزمەوە، بەبێ ئەوەی بکەوێتە گۆڕەپانی "ڕاست و ڕاسترەوە"ـەوە. ئەو چەپەمان تیا بینیەوە کە دەمانخواست وەکو ئەو بین، چەپێك پارێزگاریی لە چەپبوونی خۆی دەکرد بەبێ ئەوەی کۆمۆنیست بێت، بەڵکو بەبێ ئەوەی مارکسی بێت، وەك ئەوەی لە سەرەتادا تیاماندا بەدیکرد. خۆشییەکەمان بەم دۆزینەوەیە گەورە بوو، لەبەرئەوەی توانیی بۆ ماوەیەك دڵنیایی لەنێوماندا جێگیربکات لەبەرامبەر ئەو دڵەڕاوکێیەی مارکسیزم تووشی کردبووین. ئەوەی لەسەر ئەم تێگەیشتنە هەڵە هانیدەداین ئەو بانگەشە توندوتیژانە بوو کە کۆمۆنیستە مارکسییەکان لەدژی بەرپایان کردبوو.
دەڵێم: سەرەتا بە هەڵە لە سارتەر تێگەیشتبووین. چونکە خۆیمان نەخوێندبوووەوە، بەڵکو ئەو بابەتانەیمان دەخوێندەوە کە مەبەستمان بوو، پاڵنەرەکەشمان بریتیبوو لە ترس لە مارکسیزم و، دۆکترینی فەرمیی بۆرژوازی.
بەڵام دروستبوونی یەکێتی لە نێوان میسر و سوریا لە ساڵی ١٩٥٨دا و دواتر جیابوونەوەیان و، قەیرانەکانی چەپی عەرەبی، بەتایبەتی حیزبی بەعسی عەرەبیی سۆسیالیستی، لەکاتی یەکگرتن و جیابوونەوەدا، کارێکی وەهای کرد کە ماسکی بەرچاومان هەڵماڵین، ئەمە ئەگەر بمانەوێت سۆسیالیست و چەپ بین. درکمان بە حەقیقەتێکی ڕەها کرد: پێویستە لەسەرمان چاو بە هەموو شتێکدا بخشێنینەوە، بە ئایدیا و ڕاوبۆچوون و هەست و سۆز و خوێندنەوەکانماندا. هەستمانکرد ئیتر ماوەی موراهیقی و هەرزەکاریی سیاسی کۆتاییهات، هەستمان کرد کە پێویستە لە یاخیبوونەوە بگوازینەوە بۆ شۆڕش.
بەم شێوەیەش سەرلەنوێ دەستمانکردەوە بە خوێندنەوە: سەرلەنوێ وتاری سەرکردەکانی حیزب و کتێبەکانیانمان خوێندەوە، ئەمجارە بە کتێبە مارکسییەکان دەستمان پێکرد. لەوە نیگەران بووین ئەگەر ئێمە شۆڕشگێڕ و سۆسیالیستی حەقیقی بووینایە ئەوا هەرگیز

یەکگرتنەکە شکستی نەدەهێنا، ئەگەر لەسەر بنەمایەکی بابەتی و ئۆبێکتیڤ وەرمانگرتایە نەك لەسەر بنەمایەکی سۆزداریی ڕووت و ئەبستراکت.
ڕەنگە کەسێك بپرسێت: ئایا نوسینی دیراسەیەك لەسەر سارتەر و مارکسیزم گرنگە؟ لێرەدا وەڵامدەدەمەوە: بەڵێ لەبەرئەوەی بە بڕوای من **هەموو شۆڕشگێڕێك پێویستی بە تیۆرە. بەهەرحاڵ شۆڕش ئەکتێکی ڕۆژانەییە لەسەر ڕۆشنایی تیۆرێك. هەربۆیە تەنها تیۆری شۆڕشگێڕیی مومکین لەمڕۆدا تیۆری مارکسیزمە.** بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نییە بەو شێوەیە لە مارکسیزم تێبگەین کە مارکسیستە (ئەرثۆدۆکسەکان) دەیانەوێت. پێویستە لەسەر شۆڕشگێڕی ئەمڕۆ کە دووبارە مارکسیزم بدۆزێتەوە و کەشفی بکات، مارکسیزمی زیندوو، نەك ئەو مارکسیزمە وشکە دۆگماییەی کە مارکسییەکان دەرگای شرۆڤە و تەئویلات و ئیجتهادیان لەسەر داخستووە. یەکێك لە شتە باشەکانی فیکری بوونگەرایی سارتەر ئەوەبوو توانیی دووبارە ئەم دۆزینەوەیە بەجێبهێنێت.

## کۆتایی[٤]

ئەمڕۆ مارکسیزم پێویستی بە لینینێکی نوێ هەیە. وەکچۆن (لینین) خوێنێکی تازەی کردە نێو جەستەی مارکسیزم کە بتوانێت ڕووبەڕووی خواست و پێداویستییەکانی دۆخی ڕوسیای دواکەوتوو ببێتەوە و، لە هەمان کاتیشدا ڕووبەڕووی گواستنەوەی سەرمایەداری بۆ ئیمپریالیزم بوەستێتەوە، ئەوا بە هەمان شێوەش مارکسیزمی-لینینیزم کە لە چوارچێوەی ئەزموونی یەکێتی سۆڤێتدا چەقی بەستووە و گیریخواردووە، ئەمڕۆ پێویستی بە خوێنێکی تازەیە کە بتوانێت باوەش بۆ کۆی گشتی بزوتنەوەی مێژوو لە ئاسیا و ئەفریقا بکاتەوە. ئەم ئەرکەش لە ئەستۆی حیزبە ئاسیایی و ئەفریقییە خەباتگێڕەکاندایە. مارکسیزمی ئێستا پێویستی بە حیزبە، بە ئەندازەی ئەوەی ئەم حیزبانە پێویستیان پێیەتی.
سەرجەم بەڵگەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە وڵاتە دواکەوتووەکان تەنها چانسن بۆ شۆڕشی سۆسیالیزم، ئەمەش پاش ئەوەی سەرمایەداری توانیی شۆڕشی سۆسیالیستی لە وڵاتە پیشەسازییە پێشکەوتووەکاندا ڕابگرێت و سڕی بکات، بەتایبەتی پاش دەرکەوتنی سیماکانی گواستنەوە بۆ بۆرژوازی لەنێو ڕیزەکانی چینی پرۆلیتاریای ئەورووپییدا. بەڵام

---

[٤]) ئەمە پەرەگرافە پوختەیەکە لە بەشی کۆتایی کتێبەکە، بە گرنگمان زانی ئیزافەی بکەین... (وەرگێڕ).

**شۆڕش بەبێ تیۆری شۆڕشگێڕی بوونی نییە. کەواتە ئایا گەلانی وڵاتە دواکەوتووەکان دەزانن چۆن خۆیان ڕزگاربکەن، ئەوەش بە ڕزگارکردنی تەنها چانسێك کە لە شۆڕشی سۆسیالیستی ماوەتەوە و، لە هەمان کاتیشدا ڕزگارکردنی تیۆری ئەم شۆڕشە؟ نمونەی شۆڕشی کوبا وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پۆزەتیڤ دەکات، هەروەها کتێبە نایابەکەی فرانز فانون (بەشمەینەتانی سەر زەوی-The Wretched of the Earth)[٥].**

[٥]) یەکێکە لەو کتێبە زۆرباشانەی کە مەسەلەی شۆڕش لە وڵاتانی جیهانی سێهەم دەوروژێنێت بەتایبەتی کە زۆربەی وڵاتانی ئەفریقیا و ئاسیا لەوکاتەدا لەلایەن ئیمپریالیزمەوە داگیرکرابوون.